سەرۆک کۆمار پێشوازی لە بەڕێوەبەری هەرەمی کۆمپانیای داناغاز دەکات

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید پێشوازیکرد لەعەبدوڵا قازی بەڕێوەبەری هەرەمی کۆمپانیای داناغاز.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە:- لە میانی دیدارەکەدا کە ئەمڕۆ سەشەممە، 30-4-2024 لە کۆشکی سەلام لە بەغداد بەڕێوەچوو، باس لە ئەو بەردومانە کرا کە کێڵگەی غازی کەرمەری کردە ئامانج و پرسی بەرهەمهێنانی ڕاگرت، هاوکات باس لەگرنگی هەوڵکان کرا بە کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییانەی کە لەئەنجامی بەردومانەکە دروستبووە و دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنان .

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە پێویستی بەهێزکردنی هاریکارییەکان لە بواری وزەدا بە فراوانکردنی وەبەرهێنان و دابینکردنی هەموو پێداویستیی ئەمنی و لەجستیکان، ئاماژەی بەوەشکرد کە عێراق ژینگەیەکی لەبار بە وەبەرهێنان و حکومەتیش ئەرکییەتی ئاسانکاری و یاسای پێویست دابین بکات.

لای خۆیەوە عەبدوڵا قازی پەرەشی دانغازی نیشاندا بە پەرەپێدانی کارەکانی لە عێراق و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان و فراوانکردنی چالاکییەکانی.